# قەدەغەکردنی وێنە لە قورئاندا هیچ پشتیوانییەکی نییە

**نووسینی: لەیف ستێنباری/Leif Stenberg و تۆرستێن یانسۆن/Torsten Janson (#)**
**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: هەندرێن**

رەنگە سەبارەت بەو نیگەرانیانەی لەسەر وێنەکانی پێغمبەری ئیسلام موحەمەد کە "ییلاندس_پۆست" بڵاویکردنەوە، سەرنجدان بە مێژووی قەدەغەکردنی وێنە و هەتا دەگاتە ئەو راڤەکردنانەی ئەمڕۆ بایەخی خۆی هەبێت. زۆر کەس پێیان وایە کە لەناو ئیسلامدا دیاردەیەک هەیە کە لە روانگەی ئاییناسی ئیسلامیدا کێشەیەک نەبێت. موسڵمانەکان بە گشتی وا دەبینن کە قەدەغکردنی وێنە لە پەیوەندی بە شوینکات، یان بە نەریتی راڤەکردنە جیاوازەکانی موسڵمانەکان، هیچ تێفکرینێک لەسەر قەدەغەکردنی وێنە نییە. ئەو دەربڕینە لێکچوونراوانەی کە "ئیسلام دەبێژێ" بەسەر زۆرینەی شیکردنەوەکاندا زاڵە. هەڵبەتە لە گۆشەنیگای ئاسۆی ئیسلامنناسییدا ئەو مەسەلەیە هێندە ئاسان نییە وەک ئەوەی کە لە لایەن ئەو ئیسلامنناسانەی کە موسڵمانی پرواداران پێشکەشدەکرێ. ئەگەر مرۆ لە روانگەی زانستی ئایینەوە بەمجۆرە ئەو لێکدژیانە، هەڕەشە و سەرلێشێوانانەی سەبارەت بە وێنەکانی موحەمەد، راڤە بکا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەوەی دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکان روویدا دەکرێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەو پرۆسەیەدا گرێبیدەینەوە کە جیهانگیرانە پەیوەندی لەگەڵ ئایین و کۆمەڵگایەکاندا هەیە.



ئێمە لە مارسی 2005 دا لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە شاری قومی پیرۆزدا وێنەیەکی موحەمەدمان کڕی. وێنەکە موحەمەدێکی لاو بە هەمان خەرمانەی پیرۆزی سەر جەستەیەوە نیشاندەدا کە هەندێک جار لە وێنەکاندا دەکرێ جۆرێک لە مەسیح ببینرێ. لە وێنەکەدا نووسراوە "موحەمەد پەیامنێری خوایە". ئەو وێنەیە لە هەموو شوێنێکدا هەیە و لە هەمبەر خەڵکیدا هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی دروست نەکردووە. یەکێک لە روونکردنەوەکان ئەوەیە کە ئەو وێنەیە موحەمەدێکی لاو وێنا دەکا، واتا بەر لەوەی کە وەحی وەرگرتبێ و ببێتە پێغەمبەر. روونکردنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو وێنەیە ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا راڤەیەکی ئیسلام_ شیعی بۆ ئیسلام هەیە. لە راستیدا سونی_ و شیعە موسڵمانەکان هەمان قورئان بە هی خۆیان دەزانن، بەڵام نووسراوەکانی تر لە زۆر خاڵدا جیاوازیان هەیە. هەروا لە رووی شیکردنەوە جیاوازکاری هەیە، واتا ئەو جۆرە شتانە پەیوەندی بە لاساپیکردنەوەی بوونەوەرە زیندووەکان هەیە. شیعە ئەو وێنانە قەدەغە دەکا کە بابەتی عەقیدەن، بەڵام مەبەست لەوە بە

کۆیلە بوونی وێنە نییە و دەکرێ وێنەکێشانی موحەمەد زۆر بە باشی بکێشرێتەوە. مەبەست دەبێتە سەرەتایەکە. ئەوە وادەکات کە وێنەکە رێگەی پێبدرێ یان نا.

ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێ لە قورئاندا قەدەغەکردنی وێنە هەیە بە گشتی چەواشەکارانەیە. لە راستیدا هەندێک جار دەکرێ موسڵمانە پرواداڕەکان پروا بەوە بکەن کە مەسەلەکە بەمجۆرەیە، بەڵام راڤەکارانی ئیسلام و زۆرینەی شەریعەکانی ئیسلام لەسەر ئەوە هاوران کە وتەکانی قورئان لەسەر خوا کە تاکە خاڵقێکە، ئەم دەربڕینەش مانای وێنە قەدەغەکردن ناگەیەنێت. لە راستیدا بیرۆکەی قەدەغەکردنی وێنە یەکەمجار لە چەند حەدیسی کۆکراوەی جیاوازدا، واتا لەو حیکایەتانەی کە موحەمەد و کەسە نزیکەکانی چییان وتووە و چۆن رەفتاریان کردووە، گەشەی سەند. دەکرێ ئەو حیکایەتانە وەک لێکچوونێک سەیر بکرێن و هەندێ جاریش وەک لێزیادکردنێک لە فرە سەختی تێگەیشتنی قورئان سەیر بکرێت. لە یەکێک لە چاپەکانی قورئاندا باسی ئەوە دەکا کە چۆن موحەمەد نایەوێ بچێتە ماڵی یەکێک لە ژنەکانی، عائشە، بەڵکوو لەبەر دەرگا رادەوەستێ، چونکە لە ماڵەکەیدا لەسەر سەریندا وێنەی ئامادەکراوی هەبووە. لە حیکایەتەکەدا موحەمەد ئەوە جەختدەکاتەوە کە ئەوەی وێنە دروستدەکا لە رۆژی حەشردا سزا دەدرێت. لە وێناکردنێکی تردا موحەمەد باسی ئەوەی کردووە کە هیچ فریشتەیەک سەردانی ئەو ماڵانە ناکات کە وێنەی تێدا بێت.
وێرای ئەمەش زۆر لەو ئیسلامناسانەی کە تایبەتمەندن بە مێژوو، دەتوانین بڵێین هەروەک موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکانیش، گومانیان لە راستی مێژوویی ئەو حیکایەتانە هەیە کە باسی موحەمەد دەکەن. هەڵبەتە بۆ چەندان لە موسڵمانە پرواداڕەکان وەک بەڵگەییەکی مێژوویی لەو حیکایەتانە تێدەگەن. لە پەیوەندی لەگەڵ قەدەغەکردنی وێنە ئەرکۆلۆژە هەڵکۆڵێنەر و سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەیان نیشانداوە کە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان لە شوێندا، رەنگە لە مزگەوتەکان، لە ماوەی قۆناغی هەرە زووی ئیسلامدا، رەنگە هەتا کۆتایی 700، هەبووبن. هەروا بەشێک لە لێکۆڵەرەوەکان بە بەڵگە ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە لە موزایکێک لە مزگەوتی گەوەرەکەی دیمەشقدا، پێشتریش لە کڵێسەیەکی بێزەنتیدا، وێناکردنی بەهەشت لە خۆی دەگرێت.
بیرۆکەکان لەسەر ئەوەی کە چۆن قەدەغەکردنی وێنە شێوەی دەکێشرێ دەکرێ وەک بەشێک لەو گفتوگۆیانە، کە لە ماوەی سەدەکانەوە لە دوای کۆچی دوایی موحەمەد لە ساڵی 632دا سەرەنجامەکەی گەیشتە ئەوەی کە شەریعەت گەشەی سەند، سەیر بکرێت. لێرەدا ئاکامگیرییەک هەیە کە پرِوای ئیسلام لە یەکەمجاردا لە ماوەی ئەو سەدانەوە دەخەمڵێت. دەقەکان بە پیرۆز دەکرێ، سروت و پیادەکردنەکەی شێوە خۆی وەردەگرێت، دامەزراوەکان دەدامەزرێن، نێوەڕۆکی فەلسەفی و تیۆلۆگی ئیسلام مشتومڕی لەسەر دەکرێ. سەبارەت بە پرسی قەدەغەکردنی وێنە لە گۆشەنیگای مشتومڕی بۆچوونی قورئانییەوە ئەوە خوایە کە خاڵقی خۆی دروستدەکا. وێرای ئەوەش دەوترێ کە موحەمەد رووبەڕووی ئەوە بۆتەوە کە دروستکردنی وێنەکان شەهادەکانی قورئان و حیکایەتەکانی سەر ئیسلام بەس نییە بۆ ئەوەی لە بنەمایەکی مێژووی باشەوە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە لە سەرەتایە هەرە زووەکانی مێژووی ئیسلامدا قەدەغەکردن هەبووە. سەرەتا لە ماوەی گفتوگۆی سەدەکانەوە لەمەڕ شێوەگرتنی ئیسلامدا شەریعەی_قەدەغەکردن گەشە دەسێنێ. شتێک کە لە سەرەتایەکانی 800 و 900 ەکاندا جەختی لەسەر کرایەوە کە نابێ موسڵمانەکان بە رێگەی دروستکردنی وێنە لە مرۆڤ ئەوەی کە خوا خوڵقاندوویەتی زیندوو بکرێت. ئەوەی کە ئەو جۆرە کارە نزم دەکاتەوە ئەوەیە کە بەو مانایە، "نیگارکێش"، دەبێتە خوڵقێنەر و خۆی لە تەنیشت خوا دادەنێ. ئەمەش وەک تاوانێک دژی یەکەمین دەستپێکی ئایەتی "خوا یەکە و نابێ بە دوو".دەبینرێ.
بە پێچەوانەی ئەمە شەریعەی سونی بە وردی قەدەغەکردن دیاریدەکا کە وێنەی بوونەوەرە زیندووەکان، ئەو بوونەوەرانەی کە رووحییان هەیە، بگرێتەوە. بەڵام قەدەغەکردن لەناو نەریتی سونیشدا روون و دیار نییە. لەو حەدیسانەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرا کە چۆن وێنەی بوونەوەرە رووحدارەکان بکێشرێنەوە بۆ نموونە لەسەر مافوور و سەرینەکان، واتا بەکارهێنانی شتەکان. هەندێک دەڵێن کە هەموو جۆرە کێشانەوەی وێنەیەک قەدەغەیە، هاوکات هەندێکی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا وێنەی ئەو بوونەوەرانە قەدەغەن کە سێبەریان هەیە. لەم

دواییانەدا لەناو خەتی ناوەندی شەریعەی سونییدا لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە وێنەی هەموو ئەو بوونەوارانەی کە رووحییان هەیە قەدەغەیە لاساییبکرێنەوە. حیکایەتێکی ناودار هەیە لەناو موسڵمانەکاندا کە لەسەر حەدیس دورستکراوە، باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە رۆژی حەشردا وێنەکێش چاوەڕێی ئەوە دەکا ژیان بدا بە وێنەکانی و ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخ. رایەک هەیە، کە تەنانەت ئەمڕۆش لە لایەن هەندێک لە بیریارانی ئیسلامدا دەپارێزرێت، ئەویش ئەوەیە کە هونەر وێنەیەک لە واقیع دەبەخشێت کە راست نییە. بۆیە نۆرمەکانی وێنە لە ئیسلامدا لە پێش هەموو شتێک لەسەر کێشانەوەی وێنە تێڕوانینێک دەگەیەنێت کە بێمانایە، هەوڵێکی بێهوودەیە، لەوەش زیاتر شتێکی فوندەمێنتالە. مرۆڤ ناتوانێ ئەو واقیعە نالۆگیک/تراسندێنتە بەرجەستە بکاتەوە.
سەربارى ئەو هزربەندییەی پڕوامەند و قانوونناسەکان کە لەسەر قەدەغەکردنێکی گشتی لە رەسمکردنی وێنەی مرۆڤ هەیانە کە لە زۆر بارد هاتۆتە پێش. رەنگە بە تایبەتیش لەناو سۆفیزیمی ئیسلامدا. لە میناتۆرەکانی فارسیدا، کە جۆرە نەریتێکی هونەرییە کە لە 1200 ەکاندا وا دروستکراوە کە شتی واقیعی بنەخشێنێت، بۆیە لاساییکردنەوەی وێنە ئاسایی بوو. لە ئیمپراتۆری ئیسلامییدا هونەر و ئەدەب چەشنی ئیمپراتۆری موگۆل لە هیندستاندا شیوەی دەق و تابلۆی لەگەڵ وێنەی ئاسمانەکان، خەلیفەکان، فریشتەکان، بەهەشت و پێغەمبەرەکان_ هەندێ جاریش موحەمەدی نماییشدەکرد. بەڵام وێرای ئەمەش کاری هونەر و پەیکەرەکان کە وێنەی مرۆڤەکان دەکێشنەوە بەڵگەیەکن لە زۆر وڵاتانی ئیسلامییدا، بە تایبەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نائاساییە. هاوکاتیش کتێبی نیگارکیشی هەرگیز نەبۆتە شتێکی گشتی. وێنەکان " لە حەشارگەکانی کتێبخانەی تەلاری پاشادا لە ژێرەوەدا حەشار دەدران". وێدەچێ لەگەڵ مێژوودا پڕێک وێنە لەناو چوون، هەروا ئەگەر ئەوەش روویدا بێ کە داکۆکیکارە بە حەماسەکانی ئایین لە ژێر ناوی ئایینەوە کاری هونەریان بە مەبەست تێکدا بێت. نموونەیەکی وردەکاری بزوێنەرانەی نزیک ئەمە، "لە سێدارەدان"ی سومبولەکانی ئەو فیگیورە کێشراوانە بوو کە بە رێگای سوورێکی جوان، هێڵێکی خشت سەر قوورگیان دیاریدەکرد. بەمجۆرە وێنەکان چیتر وەک وێنایەکی "رووحدار" سەیر نەدەکران. هەڵبەتە ئەو تێکشکاندنە لە رۆژگاری مۆدێرنیتێتدا بەشی زۆری گۆڕانی بەسەر داهاتووە. نموونەیەکی ناسراو شکاندنی پەیکەری بوودا بوو بە دەستی تالیبەکانەوە لە دۆڵی_بامیان لە ئەفغانستاندا.

رۆژگاری کۆلۆنیالی خاڵێکی وەرچەرخان دروستکرد لەسەر پرسی ئەوەی کە بە گشتی ئیسلام چۆن راڤە دەکرێ. لە ماوەی 1800_ و 1900_ەکاندا پێکگەیشتنی سیاسی، ئابووری و سەربازی لەگەڵ وڵاتانی باڵادەستی وەک ئینگلیستان و فەرانسا هەڵبەت گفتوگۆی تیۆلۆگی وەک موسڵمانی پراکتیکی. بڵاوبوونەوەی مۆدێرنیتە و دواجاریش لەسەر بەها، نۆرمەکانی ئایین و هەروا شێوەگرتنی شەریعەدا، کاریگەریی خۆی بەجێهێشت. وێنە بوو بە بەشێکی سروشتی کۆمەڵگا و بە گشتی قەدەغەکردنی وێنە بواری پاراستنی نەمایەوە. کاتێک مرۆڤ لەسەر یەکەمین پول و فۆتۆگرافییەکان وێنەی کێشایەوە هەرەوەک کە رادیۆ و تێڤیێ دەستی بەکارکردن کرد بە دژی ئەوانە وەستانەوە. سەربارى ئەمەش ئەمڕۆ رەسم و تێڤیێ بوونەتە دیاردەیەکی رۆژانە. هەروا بە زۆریش لە پروپاگەندەی ئیسلامیستە هەرە رادیکالەکاندا وێنەی راگەیاندنە مۆدێرنەکان کەرەسەی گرنگن. (بۆ نموونە سەرنجبدەن لەو کاسێتە ڤیدیۆیانەی کە القاعیدە لە کەنالی تێڤیێی الجزیرە بڵادەکرێنەوە.)
گریمانەکانی پڕوای ئیسلام، چەشنی هەموو ئایینەکان، بە کایەی دوو لایەنی لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگادا، گەشەی سەند، گۆڕانی بەسەر هات و راڤەی نوێی بۆکرا. رەنگە مرۆ سەرەڕای هەموو شتێک دەتوانێ وا ببینێ کە بەر لە هەموو شتێک سەرکردە ئایینیەکان وەک پەرپەرچدانەوەیەک لە گۆڕانەکانی دەرکی کۆمەڵگا پرینسیپەکانی ئایین داپڕێژێتەوە. پێشوەچوونی تیۆلۆگی مەکینەیەک نییە بەخۆی بڕوات. ئەو هەڵچوونەی ئەمڕۆ لە وێنەکان لە رابەرێکی وەک خومێنی، ریکلام و وێنەی ئەشیعەییەکان ئەوە نیشاندەدا کە ئەو قەدەغەکردنە گشتییە هەڵوەشایەوە. قەدەغەکردن کە ناتوانێ لە ژیان بەردەوام بێ و راڤە بکرێتەوە یان ون بێت. ئەمڕۆ بە گشتی قەدەغەکردنی وێنە وەک شتێک هەموو بوونەوەرێک ناگرێتەوە، بەڵکو بە جۆرێک تەنیا کێشانەوەی وێنەی موحەمەد یان نوێنەرە ئایینیەکان دەگرێتەوە. قەدەغەکردنی وێنە تەنیا یەکێکە لەو یاسایانەی شەریعە کە لە ژێر گۆڕاندایە. نموونەیەکی تر ئەو راڤەکردنەیە

کە پەیوەندی  بە ژن و پیاو هەیە، کە ئاخۆ مەرجی سەرپۆشی چۆنە، چۆن ژن ل خۆی لە پیاو نزیک بکاتەوە و ... هتد. ئەمڕۆ لە  زۆر بواردا لە ڕێگای ڕاڤەکاندا گۆڕانکاری لە ئارادایە. لە پەیوەندی بە قەدەغەکردنی وێنەدا زانایە ئایینەکان ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە مرۆڤ وێنەی خوایە لەسەر زەویدا و لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێ وێنە دروستبکات. ئەوە ئەرکێکە لەسەر مرۆڤ کە لەسەر زەویدا دەمڕاستی خوا بکات.

هەروا مرۆ دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە قەدەغەکردنی وێنە هەتا چ ڕادەیەک هێزێکی کولتوورییانەی تۆڵەکردنەوە بووە. لە گوتارەکانی ڕۆژئاوادا سەبارەت بە نۆرمی وێنە لە ئیسلامدا حەز دەکەن ئاماژە بەوە بکەن کە نۆرمەکان دەربڕینی هونەرییەکانی موسڵمانانی سنووردار کردووە. لە گۆشەنیگای مێژووی هونەرییەوە تەواو بە پێچەوانەیە. دوودڵی لە کێشانەوەی وێنەی بوونەوەری زیندوو لە بری ئەوە دەربڕینی تر، هەروەک زەخرەفە و کەلیگراف/خەتاتی، جێگەی شوێنی ئەوەی گرتەوە. بەمجۆرە لە قەدەغەکردنی وێنەوە بە جۆرێک دەستڕەنگینییەک لە کاری قوماش، ئاسن و شیرامیک، لە پاڵ ئەوەشدا ڕازانکاری مزگەوت و گۆڕە پیرۆزەکان، گەشەیان سەند. بەمجۆرە ئەو میراتە ئیستێتیکیە کەمە کۆمەکی تالارسازی و هەروا کاری هونەری ڕۆژئاوای کرد. بۆیە ئێمە، لە  بری قەدەغەکردن. زیاتر وەک ئێستێتیکێکی ئیدیالی  بیر لە نۆرمەکانی وێنە بکەینەوە. ئەمڕۆ چەپخانەی ئیسلامی هەم کتێبی منداڵ کە خۆی لە کێشانەوەی وێنەی بوونەوەر ڕووحدارەکان بە دوور دەگرێت، هەمیش ئەو کتێبانەی کە تا دامێنی پڕە لە مرۆڤ و ئاژەڵ. واتا ئەوە چیتر قسەکردن نییە لەسەر ملکەچکردنێکی کوێرانە بەرانبەر پرینسیپە تیۆلۆگییەکان. ئەم قەدەغەکردنە بەندە بەوەی کە موسڵمانەکان، کتومت وەک خەڵک، دەتوانن لە یەک کاتدا چەندان ئیدیال و نۆرمگەل بە خۆوە بگرێ و جێبەجێ بکات.
هەڵبەت هەندێک لە بزاڤە ئامادەباشە ئیسلامییەکان بە دژی گۆڕان دەوەستنەوە. ئەوانە وادەبینن کە نێوەڕۆکی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی نەگۆڕ و گەردوونییە. ئەو بەرتەکانەی لە هەمبەر بزاڤە جودایەکانی موسلمانەکان لە وێنەکانی (یپلاندس_پۆست) دروستکرد، لە پێشڕا پەیوەندی بە واقیعی کۆمەڵایەتی ئەو بزاڤانە هەیە و سەرەنجامێک نییە لە نۆرمە تیۆلۆگییەکانی وێنە. ناڕەزاییەکان لە دژی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی موحەمەد لە (یپلاندس_پۆست) ئەو بۆچوونە *سیاسییە* کەنالیزە دەکەن کە پەیوەستە بە پەیوەندیی ناوچە و هەرێمەکان. بۆ نموونە ئەوە مایەی حەپەسانە کە ئەوە حەماسی ئیسلامی نەبوو بەڵکو ئەوە بزاڤی فەتحی عیلمانی بوو کە دوای فەشەلی خۆیان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا فەلەستینیەکانی بۆ ئەو پرۆتێستە هاندا. هەروا دەبێ ئەوەش یادداشت بکەین کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرەتا لە دواجاردا ناچارە کە بەو پرۆتێستە ئومێدەوار بێت. واتا ئەوە، خۆی لە خۆیدا، پەیوەندی بە نۆرمە تیۆلۆگیەکانی وێنە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو پێویستییە سیاسییە هەیە کە بچێتە ڕیزی ئەو داکۆکیردنە بە کۆمەڵییە بێژمارەی لە موحەمەدی پێغەمبەردا. بەڵام ئەگەر پرۆتێستەکان لە غەزە، سوریا، لوبنان، ئران، ئیندۆنۆسیا و میسر وەک کاردانەوەیەک لە هەمان کێشەی تیۆلۆگی شرۆڤە بکەین کە بێ پشتگوێخستن ئاکامەکەی دەبێتە دووبارەکردنەوەی هەمان وێنە لە ئیسلام و موسڵمانەکان.

---

سەرچاوە: لاپەڕەی کولتوری Svenska dagbladet ، چوارشەممە 8ی فێبریوەری، ساڵی 2009.

#Stefan Stenberg لە سەنتەری تیۆلۆگی و زانستی ئایین، زانکۆی لوند دۆسێنت/دکتۆرای لە ئیسلامنناسییدا هەیە.

#Torsten Janson خوێندکاری ئیسلامنناسییە لە سەنتەری تیۆلۆگی و زانستی ئایین، زانکۆی لوند.

***سەرنجێکی کورت***: بڵاوکردنەوەی وێنەکانی موحەمەدی پێغەمبەری موسڵمانەکان لە ڕۆژنامەی ڕاستڕۆی لیبرالی دانمارکی یلاندس_پۆست گفتوگۆیەکی ڕۆشنبیریی گەرمی لە نێوەندی ڕۆناکبیریی و سیاسییدا بەرهەمهێناوە. هەتا ئێستاش لە ڕوانگەی هەمەرەنگدا، بە تایبەتی مێژوویی، تیۆلۆگیی، کۆمەڵناسیی و ... هتد، بە سەدان وتار و ئاخاوتنی جوداواز لە کەناڵە جودایەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە. لێرەدا پرسی ئازادی دەربڕین و جیاکردنەوەی ئازادی نووسین و نووسەر لە دەسەڵاتی

سیاسی، که بەندێکی گرنگە لە کۆمەڵگای مەدەنی رۆژئاوا، بەشێکی گرنگی ئەو گفتوگۆیانەی بەخۆیەوە گرتووە. ئەو پرسەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بە کێشەی ئازادی دەربڕین و قوتبوونەوەی هێزی ئیسلامی سیاسیی لە کۆمەڵگای کورددییەوە هەیە، لێرەدا دەمەوێ بێژم، فتوای کوشتنی کاریکارێتیستی دانمارکی و چاوەسوورکردنەوەی خوتبەدەر و حیزبە ئیسلامییەکانی کورد لە مەریوان هەڵەبجەیی و ئازدی دەربڕین دیاردەیەک نییە کە لە خۆڕا بەرهەم هاتبێت، بەڵکوو ئەوە نەریتی باڵادەستی بە پیرۆزکردن و باوکساڵارییە کە لە بونیاتی کۆمەڵگای ئێمەدا، بە تایبەتیش پێکهاتەی سیاسیی لە جڤاتی ئێمەد ریشاژۆییە. لەو ناوکۆییەوە دەبینین کە مامەڵەی دەسەڵاتی بەناو "عیلمانی"کورد، وەک شێوازی دەسەڵاتە کۆنباوەکانی عارەبی و بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامی، سازکار و ئیفلیجە. دواجار ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بەناو "عیلمانی" کورد راشکاوانە گوتاری سیاسی خۆی سەقامگیر نەکا، ئایندەی کورد ئەزموونی فەلەستین دووپاتە دەکاتەوە. لێ،هەتا ناعەدالەتی و گەندەڵی لە نێوان دەسەتەی دەسەڵات و ئەندامانی کۆمەڵگای ئێمەدا درێژەی هەبێت و چاوپۆشییان لێبکرێت،، تەشەنەکردنی ئەو برینە قووڵانە فرەتر دەبن و هاوکاتیش گوتاری سیاسی ئیسلامی تۆکمەتر دێتە پێشەوە.